# راشومون

و: حەمە رەسوڵ حەسەنپوور



شەوێکی ساردبوو، پیاوە خزمەتکارەکە لەژێرەوەی راشوموندا چاوەڕوانبوو بارانەکە بیکاتەوە. لەژێر ئەم دەروازە گەورەیەدا کەسی دیکەی لێ نەبوو. بەوەی کە راشومون لە شەقامی (سوجاکۆ)دا هەڵکەوتبوو، وا وێدەچوو هێندێ کەسی دیکە کە کڵاوی ساماندارانی یاخود مێزەری چینی مامناوەندییان لەسەر بوو، لە چاوەڕوانیکردنەوەی باران لەوی راوەستابن، بەڵام کەسی لێ نەبوو.

له چەند ساڵی رابوردوودا شاری (کیۆتۆ) تووشی رووداو و کارەساتی وەك بوومەلەرزە، گەردەلوولو سووتمان هاتبوو و له ئاکامدا تووشی وێرانکاری هات. مێژوونووسە دێرینەکان دەڵێن: کەلوپەلە تێکشکاوەکان وێنەی بووزاو قاڵبە ئاڵتوونیو زێوینەکان هەموو لەناوچوونو پاشماوەکانیان له لاپەنایەك هەڵڕشتبوو و بۆ ئاگرکردنەوە کەڵکیان لێ وەردەگیرا. کاتێ رەوشی کیۆتۆ بەم چەشنەی لێهات، باسکردنی به پێویست زانرا. رێویو گیانلەبەرە درِندەکان ئەم هەلەیان قۆستبۆوەو له کونو کەلەبەرەکانیدا هیلانەیان سازکردبوو، ئەمەو دزو جەردەش لەوێندەر جێگەیان خۆشکردبوو. دوای رۆژئاوابوون ئەم شوێنە هێندە سامناکبوو، کەس نەیدەوێرا بەوێدا تێپەڕبێت. روونەبوو پۆلی قەلو داڵ له کوێوە دێن! به ڕۆژ ئەم باڵندانە بە دەوروبەری دەروازەکەدا بە قارە قاڕ دەفڕین. کاتی رۆژئاوابوون کە ئاسمان سوورهەڵدەگەڕا، چەشنی دەنکە کونجییەکی کە لە دەوروبەری دەروازەکە وەشاندبێتان خۆیان مەڵازدەدا، بەڵام ئەو رۆژە تەنانەت قەل و داڵیش بەدینەدەکران، لەوانەشە درەنگ بووبێت. پلیکانە بەردینەکان لە هەموو چییەکی دەروازەکە داڕووخابوونو گژوگیا نێو درزەکانی پڕکردبوو. خزمەتکار پاڵتۆیەکی شینی درێژی لەبەردابوو و لەسەر پلیکانی حەوتەم کە بەرزترین پلیکانبوو، رۆیشتبوو و سەیری بارانەکەی دەکردو زۆرترین لەو سوورە کوانە گەورەیەی روومەتی لای راستیدەکردەوەو زۆری پێوە تەنگەتاوبوو.

گوتم خزمەتکارەکە چاوەڕوانە باران بیکاتەوە، بەڵام بەرنامەیەکی نەبوو نەیدەزانی دوای لێکردنەوەی بارانەکە چبکات!. زۆرجار دەچووە ماڵە ئەربابەکەی، بەڵام ئەو رۆژە رێك بەر لە دەستپێکردنی باران لەسەر کارەکەی دەریانکردبوو.

ماڵ و سامانی شاری کیۆتۆ بە پەلە بەرەو لەناوچوون دەچوو، ئەربابی خزمەتکارەکەش لەبەر خراپیی باری ئابووری لەپاش ماوەیەکی زۆر خزمەتکردنی، خزمەتکارەکەی دەرکردبوو. ئەو ئێستا لەنێو باراندا لێیقەومابوو و نەیدەزانی روو لە کوێ بکات. کەشوهەواش ئاگای لە رەوشی نالەباری ئەو نەبوو. بارانیش بەنیاز نەبوو لێی بکاتەوەو خزمەتکاریش نەیدەزانی نانی بەیانی چۆن پەیدا بکا. بیرکردنەوەی ئاڵۆز هەواڵی ناخۆشیان لابوو. بێ ئامانج گوێرە وایە دەنگی ئەو دڵۆپە بارانانەی بەسەر شەقامی (سوجاکۆ)دا دەبارین.

باران چواردەوری راشومونی گەمارۆدابوو و کات بەکات بەتەوژمتر دەبوو، بەچەشنێك دەباری دەنگوت گۆزەی سەراوێژەو لە دوورەوە دەنگی دەبیسترا. پیاوە خزمەتکارە لەکارلابراوەکە دەیڕوانییە ئەو هەورە رەشە گەورەیەی هاتبووە سەربانەکان. بۆ پەیداکردنی بژێوی بەهۆی رەوشی نالەباری دەسەڵاتی ئەوتۆی نەبوو. ئەگەر ویستبای کارێکی ئابڕوومەندانەی دەستکەوێ بێشك دەبوو لە پەنا دیوارێك یاخود کەندو قووڵەکانی سوجاکودا لە برسان بمرێو تەرمەکەی لە پەنا ئەم دیوارەدا فڕێبدرێو ببێتە خۆراکی قەلو داڵو سەگە بەرەڵاو گیانلەبەری درِندە.

بەڵام ئەگەر بڕیاربدات دزیو جەردەیی بکات چی؟!. دوای ئەوەی ماوەیەك لەمبارەیەوە بیری

کردەوە، بەو ئاکامە گەیشت ببێتە دز، بەڵام شكو گومان هەردەم بە تەوژمی زیاترەوە رووی تێدەکرد. گەرچی بڕیاری دابوو، هەروەها دەیدی ڕێگەیەکی دیکەی لە بەرامبەردا نییە، بەڵام تا ئێستاش لە بڕیاردانی بۆ دزیکردندا بێتوانابوو.

دوای هێندێ کۆکە بە ئەسپایی لە جێگەکەی رابوو. سەرمای ئێوارەی کیۆتۆ ناچاریکردبوو ئارەزووی گەرمای ئاگری مقەڵی بکات. شەو بای راشومون لەنێو کۆڵانەکاندا ویزەی بوو. قالۆنچەکانی سەر کۆڵەکە سافو لوسو ئەرخەوانییەکان رۆیشتبوون.

پیاوە خزمەتکارە دەرکراوەکە سەری بەرزکردو چاوی دە دەورووبەری دەروازەکە کردو بە پاڵتۆ درێژەکەی خۆی داپۆشی. بڕیاری دا شەوێ لەوێندەر وەمێنێ، خۆزگە دەیتوانی کونجێکی کە لە باوبۆران بیپارێزێ، بدۆزێتەوە. ڕێگەی ئەو پلیکانە دووردودرێژەی دۆزییەوە کە دەچۆ نێو دەروازەکەوەو جگە لە کەلاکی مردووان هیچی دیکەی لێ نەبوو، پاشان بە دڵنیایی ئەو شمشێرەی لە خۆی شەتەکدابوو لە کالانەکەی دەریهێناو لەسەر پلیکانەیەکی کورت رۆینا.

چەند چرکەسات دواتر هەستی بە جوڵەیەك لە سێبەری پلیکانەکە کرد، هەناسەی کپ کردو پشیلە ئاسا لەسەر ئەو پلیکانەی بەرەو قەڵای دەروازەکە دەچوو ئەژنۆی داوانو لە چاوەڕوانیدا مایەوە. ئەو رووناکییەی لە سەرووی قەڵاکەوە دەدرەوشاوە گۆنای لای راستی کەوتبوو، رێك لە لاو رومەتەی موورە کوانەکەی لێهاتبوو، وابوو. چاوەتۆڕی ئەوەی دەکرد لەم قەڵایەدا جگە لە کەلاکی مردووان هیچی دیکەی لێ نەبێت، بەڵام کە هەندێك سەرکەوت ئاگرێکی بەدیکرد، کە شتێکی لە سەر دایا. روشنایییەکە زەردو لەرزۆکبوو و هەودای ئەو جاڵجاڵۆوکانەی بە سەقفەکەوە بوون دەردەخست. مێ لە راشومۆندا ئاگردەکاتەوە؟.. ئەویش لەم تۆفەدا!. ئەم مەتەڵە وەك مۆتەکە خستبوویە ترسو لەرزەوە.

مارمێلکە ئاسا خۆی گەیاندە سەرووی پلیکانەکانو هەڵتروشکاو ملی درێژ کردو سەیری نێو قەڵاکەی کرد.

هەروەك باسی لێوە دەکرا، چەند کەلاکی بەدیکردن، کە لە دەورووبەردا بڵاوببوونەوەو چونکی ئاگرەکە کزببوو نەیتوانی بیانژمێرێ، بەڵام هەر ئەوەندەی بۆ دەرکەوت هەندێکیان روتبوونو هەندێکیشیان کفت کرابوون، هەندێکیان ئافرەتبوونو هەموویان لەسەر عاردی کەوتبوونو زاریان کرابۆوەو باسکیان لێك بڵاوکردبوو و وا وێنەدەچوو هیچ کامیان زیندووبنو لە چەشنی بووکە گڵێنەبوون. مرۆڤ دەکەوتە شکەوە داخوا ئەمانە کە بەم چەشنە چوونە خەوێکی ئەبەدییەوە رۆژێك لە رۆژان گیانیان لەبەردا بووە یاخود نا؟!. شانو ملو هەیکەلی بێ سەریان هەموو لەم رووناکییە کزەدا دیاربوو، بەڵام جەستەیان لە تاریکاندا بزربوو. جەستە گەنیوەکەیان بۆنێکی ناخۆشی لێدەهاتو پیاوە خزمەتکارەکە لووتی خۆی گرتبوو.

هێندێك دواتر دەستی لەسەر لووتی هەڵگرتو لێیان راما. چاوی بە تەشکێکی عیفریت ئاسا کەوت، کە لەسەر کەلاکێك خواربۆوە. ئەم عیفریتە پیرەنێك بوو شکڵی قژ بۆر بوو، عەبای چەشنی قەشەی لەبەردا بوو، مەشخەڵێکی دار سنەوبەری بەدەستەوە بوو، چاوی بڕیبووە

کەلاکی ئافرەتێکی سەرو پرداری رەش. ترس هێندە دایگرت کە کون پشکنیەکەی لەبیر بردەوەو تەنانەت هەناسەدانیشی بۆ ماوەیەکی کورت فەرامۆشکرد. هەستییپێکرد مووی جەستەی هەموو راستبوونەوە. بەم چەشنەی سەیری دەکرد بینیی ژنە مەشخەڵ بەدەستەکە مەشخەڵەکەی لە کەلێنی دوو خشتی راستەوە کردو دەستی لەسەر تەرمەکە دانا. چەشنی مەعیوونێکی منداڵەکەی بدوزێ، دەستی بە هەڵکەندنی قژی تەرمەکە کرد، قژەکە بە بزاوتنی دەستی بە ئەسپایی هەڵدەکەندران. هەر کە قژەکە هەڵدەکەندران پیاوەکەش ترسو دڵەخورپەی زێدەتر دەبوو، لەهەمانکاتدا رقو قینی بەنیسبەت پیرەژنەکەوە زیاتر دەبوو.

لەم ساتەوەختەدا ئەگەر پرسیاریان لێکردبایە داخوا حەز دەکا ببێتە دز یاخود لەبرسان بمرێت؟ واتا هەر ئەو پرسیارەی ماوەیەك لەمەوپێش لەخۆی کردبوو، ئەوە بێشك خاڵی دووهەمی هەڵدەبژارد. نەفرەت لە خەراپەکارییەکان بە چەشنێکی ئەوتۆ کاری تێکردبوو، کە وەك ئەو چڵە دار سنەوبەرەی بەدەست پیرەژنەکەوە بوو، ئاگریگرتبوو و نەیدەزانی ئەم پیرەژنە بە چ مەبەستێك مووی جەستە مردووەکە دەرنیێو هەر بۆیە بۆی دەچۆوە سەریەك، ئەم کارە بە باش یاخود خراپە بزانێت. لە روانگەی ئەوەوە رنینی مووی کردو لە راشومون، ئەویش لەم کاتەی شەودا تاوانێکی نەبەخشراوە. دیارە بیری چووبوو ماوەیەك لەمەوبەر بڕیاری دابوو ببێتە دزو جەردە.

پاشان هەموو وزەو توانای لە قاچیدا کۆکردەوەو لەسەر پلیکانەکە هەستاو لەپڕ بە شمشێرەوە لە بەرامبەر ژنەکەدا راوەستا.

پیرەژن سەری هەڵبڕیو بە دەمووچاوی ترسگرتووەوە رابوو و دەلەرزی، هێندێك راوەستاو پاشان بە هاتوهاوار بەرەو پلیکانەکان هەڵهات.

—سیحرباز بۆ کوێ؟ پیاوەکە نەڕاندیو پێشی پیرەژنەی گرت، کە خەریکبوو بەلایدا دەربازبێت. پیرەژن لە بیری دۆزینەوەی رێگەی دەربازبووندابوو. پیاوەکە پاڵێکی پێوە ناو و ئامبازی یەکتری بوونو بۆ ماوەیەك پیرەژنی لەنێو دەستاندا راگرت. پیرەژن باسکی لەپۆلاوازو تەنیا پێستو ئێسقانبوو، چەشنی ئەو ئێسقانە بێگۆشتە بوو، کە لە مەتبەخ فرییدەدەن. کاتێك پیرەژن رابوو پیاوەکە شمشێرەکەی لەبەر دەمی راگرت. ژنە بێدەنگبوو، وەك ئەوەی تووشی جەڵدەی دەماغ بووبێت دەلەرزیو چاوی هێندە زەق بووبوون وەك ئەوەی بیانەوێ دەرپەڕن. هەناسەی سواربووبوو. ژیانی پیرەژن بەدەست پیاوەکەبوو. سەیرێکی کردو لێی پرسی:

چاو! من زابتی پۆلیس نیم، پیاوێکی غەریبو رێبوارم. دوولەتت ناکەمو ئیشم پێت نییە، بەڵام دەبێ پێم بڵێی لێرە چ دەکەی؟

پیرەژن زیاتر چاوی کردنەوەو بە چاوی سوورهەڵگەڕاو و زاری قژەوە سەیری دەموچاوی پیاوەکەی کرد. لێوی کە بە دەمیەوە نووسابوون لێکی کردنەوەو ئەوکی وەجووڵە کەوتو دەنگێکی چەشنی قارەی قەلەباچکەی لە گەرووی هاتەدەر:

—مووم هەڵدەکەنن بۆ ئەوەی (کڵاو قژ)یان لێ دروست بکەم.

بە وەڵامەکەی هەموو نهێنییەکان درکاندو بە جێگەی بێ هیوایی هێنایە ئاراوە. پیرەژن لەپڕ

کەوتە لەرزینو خۆی هاویشتە بەر پێی پیاوەکە. ئیتر عیفریت، نەبوو بەڵکو پیرەژنێکی رۆژ رەشبوو، کە قژە سەری مردووانی دەرنی بۆ ئەوەی گلاوقژیان لێ دروستبکاتو بیفرۆشێتو پارووە نانێك وەدەست بخات.

هەست بە بچووکیو نزمبوون هەموو جەستەی پیاوەکەی داگرتو ترسی دڵی رەوییەوەو ئەو نەفرەتەی پێشتری هاتەوە نێو دڵی، خەڵکیش دەبوو ئەم هەست و سۆزەیان لا دروست بێت. پیرەژن لە کاتێکی وا قژەسەرەکانی بەدەستەوە بوو و بە دەنگێکی تووڕەو وشەی شکاو وتی:

بە یەقین دروستکردنی گلاو قژ لە مووی مردوو لە روانگەی تۆوە تاوانێکی گەورەیە، بەڵام ئەم مردووانە شیاوی مامەڵەی لەمە باشترنین. ئەو ئافرەتەی قژە رەشو جوانەکانیم رنیوە پێشتر لە بەردەرکی دەروازەکە گۆشتە ویشکەی ماری بەجێگەی گۆشت ماسی بە حەرەسەکان دەفرۆشت. ئەگەر بە نەخۆشیی تاعوون نەمردبا ئێستاش ئەم کارەی دەکرد. حەرەسەکان حەزیان لێبوو شتی لێ بکڕنو دەیانگوت خواردنەکەی زۆر بەتامو چێژە. ئەو کارەی ئەو دەیکرد شوورەیی نەبوو، چونکی ئەگەر ئەم کارەی نەکردبا لە برسان دەمرد!.

چونکی هیچ رێگەی دیکەی بۆ ژیان لەبەر دەستدا نەبوو. ئەگەر دەیزانی منیش بۆ بژێویی ژیان ناچار دەبم ئەم رەفتارەی لەگەڵدا بکەم، بێشك شوورەیی تێدا بەدی نەدەکرد.

پیاوەکە شمشێرەکەی دە کالانەکەی خستەوەو دەستی چەپی لەسەر داناو گوێی بۆ وتەکانی پیرەژن شلکردو بەدەستی راستی موورەکوانەکەی لاچاوی دەگووشی. بەم چەشنە گوێی بۆ قسەکانی پیرەژن راگرتبوو، هێزو تاقەتو نەترسانی لە دڵدا دروستدەبوو، وەك ئەو نەترسییەی ماوەیەك لەمەوبەر لە بن دەروازەکە دانیشتبوو لە دڵیدا نەمابوو. هێزێکی سەیروسەمەرە ئەوی بۆ لای دژە ترسێکی پیرەژنەکە دەبوو. ئەو ئیتر بیری لە برسان مردنو دزیکردن نەدەکردەوە. بە هیچ کلۆجێك لە برسان مردنی لەبیرو مێشکیدا نەمابوو، بەڵکو ئەمەیان دواین شتبوو کە بێتە نێو مێشکییەوە. بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: ئایا تۆ ئەمە دەزانی؟ کە پیرەژن لە قسەکردن خزمەتکارە دەرکراوەکە دەستی لەسەر سوورەکوانەکەی لا رووتی هەڵگرتو بەسەر پیرەژنەدا خوار بۆوەو دەستی دە قورگی ناو بە تووڕەیی گوتی:

کەواتە ئەگەر رووتت بکەم کارێکی دروستم کردووە! چونکی ئەگەر رووتت نەکەم لە برسان دەمرم.

پاشان جلی پیرەژنەی لەبەری داکەندنو کاتێك ژنە بۆ سەندنەوەی جلەکانی خۆی هاویشتە بەرپێی پیاوەکە. پیاوەکە بە هەموو توانای شەقێکی تێهەڵداو هاویشتییە نێو کەلاکە مردووەکانەوەو بە پێنج هەنگاو خوی گەیاندە سەرەوەی پلیکانەکانو ئەو جلە رەنگ زەردانەی لەبەر پیرەژنی داکەندبوون لەبن هەنگڵی دابوو. لە چاوترووکانێدا بە پلیکانە بەرزەکاندا رۆیشتو لە تاریکایی شەوەزەنگدا بزربوو. دەنگی هەورەتریشقە ئاسای پێیانی لە پلیکانەی قەڵایەکەدا دەنگی دایەوەو پاشان بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا.

هەندێك دواتر پیرەژن لەنێو تەرمەکان هەستاو بە بۆڵە بۆڵو ناڵاندن خۆی گەیاندە سەرەوەی پلیکانەکانو بە یارمەتیی ئەو

مەشخەڵەی هەندێترووسکایی پێوە مابوو بەنێو قژە سپیو ئاڵۆزەکانیدا لەژێر ڕۆشنایی ئاگرە کزەکەوە سەیری کۆتایی پلیکانەکانی کرد. لە پشت ئەو تاریکاییەدابوو کە کەس هەواڵی لێ نەزانیبوو، کەسیش نەیدەناسی.

**سەرچاوە:**

بترین داستانهای کوتای دنیا.

**پەراوێز:**

1.ڕاشومون گەورەترین دەروازەی شاری کیۆتۆ پایتەختی لەمێژینەی ژاپۆن بوو. دەگوترا بەرزییەکەی (35) مەترو پانییەکەی (9) مەترو حەوشەکانی (25) مەتر بەرزبوون. دوای گواستنەوەی پایتەختی ژاپۆن بۆ کیۆتۆ (ساڵی 789ی.ز) ئەو دەروازەیە دروستکرابوو. بە تێکڕمانی دەوڵەتی کیۆتۆی ڕۆژئاوا ئەم دەروازەیە بەرەو دارمان چوو، درزو کونو کەلەبەر لە هەموو سووچێکدا دروستبوو، بە تێپەڕینی کات بوو بە حەشارگەی دزو جەردەو پیاوخراپەکانو تەرمی نەناسراوی زۆریان لە دەورووبەرو نێو قەڵاکەدا فڕیدەدا.

